www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند سەرنجێک لە سەر هەردووک رونکردنەوەی حیزب دێمۆکرات و یەکیەتی نیشتمانی ... برایم جەهانگیری

چەند رۆژ لەمەو بەر لەلایەن ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە وا دیارە دەبێ سەر بە لایەنی زۆرایەتی رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوبێ هەوالێک لە سایتیhttp://kurdistantv. net/ دا بلاو بۆتەوە کە دەو هەوالە دا وا نێشاندراوە کە ئۆپۆزیسیۆنی نێو خۆیی حیزبی دێمۆکرات نیازی هەیە لە دەسەلاتی یەکیەتی نیشتمانی بۆ دەرکردنی هاورێیانی زۆرینەی رێبەری لە قەلای کۆیە کەلک وەر گرێ! ئەم هەوالە دواتر لە لایەن بەرێز مامۆستا حەسەنزادەوە و لە رۆژی2006/10/16 لە هەمان سایت داوەدرۆ خراوەتەوە و سایتی کوردستان تی ڤی_ یش لە روونکردنەوەیەک دا رای گەیاندووە کە ئەوان ئەم هەوالەیان لە لایەن ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە رێگای ئیمەیلەوە پێ گەیشتووە و بە پێی عورفی رۆژنامەگەریش ناکرێ ناوەکەی ئاشکرا بکرێ. دیارە هەوالەکە پاشان لە سایتەکە لابراوە چونکە سەرچاوەی هەوال جارێکی دیکە وەدوای راست کردنەوە و داکۆکی کردن لە هەوالەکەی نەکەوتووە. ئەگەر بە وردی و بە دیدێکی مونسیفانە چاو لەمەسەلەکە بکەین، بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە باس کردن و ناردنی هەوالی لەم چەشنە ئەویش لەوەها هەلو مەرجێک دا و وەک هەمیشە لە لایەن کەسانی دەمامک دار و شاراوە نیازپاکی لە پشت نییە و نەتەنیا خزمەتێک بە هێور کردنەوەی کێشە نێوخۆییەکانی حیزب ناکات بەلکوو شتەکە زیاتر لە بار دەبات و مەوداو نێوانەکەی هەردووک لایەنی کەمینە و زۆرینە هەردەم زیاتر دەکات، جا ئێستا ئەو کەس یان لایەنەکێیە وبە چ مەبەستێک ئەو ئاژاوەیە دەنێتەوە جێگەی پرسیارە، دیارە دیتنەوەی ئەو کەسەبۆ رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات و بەتایبەتی بۆ بەشی ئەمنییەتی حیزب ئەگەر بیان هەوێ زۆر گران نییە، خۆزگە بە جیددی بە دواداچوونی ئەوقەزییە کرابا جا ئەودەم بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەبوو کە چ دەستێک لەپشتی دووبەرەکییەکەی چەندین سالەی حیزبەکەشەو بە دلنیاییەوەبە دیتنەوەی ئەم دەست ودەستانەش گەورەترین خزمەتمان بە حیزب و بەگەلی کوردستان دەکرد.

ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە 2 ئامانجی لەم ئاژاوە نانەوەیە هەبووە دیارە ئەگەر زۆر گەشبینانەو خۆشبینانە چاو لە مەسەلەکە بکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە بیهەوێ کێشەکانی نێو خۆیی حیزب بگوازیتەوە بۆ دەرەوەی حیزب و وای نیشان بدات کە یەکیەتی و پارتی بە تەواوی لە پشت کێشەکانن و بەو کارەش دەهەولی ئەوە دا بێت کە جگە لە بەلارێ دا بردنی مەسەلەکە و کێشە ناوخۆییەکانی حیزب، پارتی دێمۆکرات و یەکیەتی نیشتمانیش دەقەزییەکە وەربدا و لەهەمان کاتیش دا ئەندامان ولایەنگرانی حیزب چەواشە بکات کە گۆیا مامۆستا دەی هەوێ بە زەبری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، زۆرینەی رێبەری لە کۆیە دەر بکات! و ئەساسەن بیر و رای گشتی خەلک لە سەر ئەسلی کێشەکە لا بدات و وا نیشان بدات کە هەر هیچ کیشەیەک دەحیزب دا نییە و ئەوەی خەلک دەی بیسن و دەی زانن وانییە و قەزییە کودەتای مامۆستا و ئۆپۆزیسیۆنە؟! دیارە کە ئەو برادەرە زۆر زوو نەخشەو پیلانەکانی ئاشکرا بوون و هەوالەکەشی لە سەر سایتەکە لابرا، مەسەلەیەکی دیەکی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە سیاسەت و بەرنامەی ئەو بەناو ئەندامی حیزبە سەری نەگرتوو بە تایبەتی لە پیوەندی دەگەی پارتی و یەکیەتی دا دووچاری هەلەیەکی گەورە بووە، چوونکە پارتی و یەکیەتی هەم بەرپرسایەتی گەورەتریان لە ئەستۆیە و سەریان بە شتی دیکەوە قالە، و هەم ئەوەندەیان تەجرەبە هەیە کە خۆ نەخزیننە نێو کێشەی لەم چەشنەو هەم ئوسولەن پێویستیش بە دەخالەت کردن ناکات، خۆ ئەگەر قەرار بێ کار بگاتە دەخالەت کردن ئەوە حکومەتی هەریمی کوردستان وەک دەسەلاتی قانوونی لە کوردستان دا

ئیجرائیاتی خۆی وەردەگرێ کە چۆنیەتی ئەو ئیجرائیاتەش کەس لەخۆیان زیاتر ناتوانێ بۆیان دیاری بکات، هەموو لایەکیش دەزانین کە سەرۆک و دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر دەستی پارتی دێمۆکرات دایە نەک یەکیەتی نیشتمانی کوردستان!

کەوایە کردەوەی ئەو برادەرە حیزبییە، یان گومان دەکرێتە سەر نیازپاکییەکەی یان لە باشترین حالەت دا بەداخەوە لێی نازانێ و ئەوجێگەیەی پالی وێداوە جێگەی ئەو و شیاوی ئەو نییە، ئایا هاورێی بەرێز کاک مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتی حیزب نابێ هەولی دیتنەوەی ئەم ئەندامە گومانلێکراوە بدات تا بەشیک لە راستییەکان لانی کەم بۆ شەخسی خۆی وەدەرکەون؟ ئایا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چ گوناهێکی هەیە کە کەسانی نامەسئوول و تەنانەت گۆمان لێکراو بە ناوی حیزب کێشەو سەر ئیشە بۆ کۆمەلێ خەلک ساز بکەن و جگە لە گەورەکردنەوە و ئالۆزتر کردنی قەیرانی نێو خۆی حیزب ناکۆکی و دووبەرەکی دەنێو حیزب ولایەنەکانی دیکەی کوردستانیش دا ساز بکەن؟! تاکەی درۆ و بوختانی نا بەحەق و نارەوا کە بەراستی لەلایەن هەموو ئینسانێکی بەویژدان مەحکووم و ریسوا دەکرێ بۆ خەلک هەلبەسترێ؟ ئاخر تاکەنگێ لە ژیر ناوی نهێنی و بە خۆشاردنەوەلە دیدی خەلک تۆمەت دەخەنە پال خەلکی، ئەدی کەی سنورێک بۆ ئەو هەمووە بێ ویژدانی و نەزانی کارییە دادەندرێ!؟

کاک چەکۆ رەحیمی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب وتوویژیکی دەگەڵ مالپەری ئاوێنە ئەنجام داوە، ئەگەرچی من نامهەوێ بە وردی بچمە ناو بنج و بناوانی مەسەلەکەو لەم پێوەندییە دا "سکرتاریا"ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران روون کردنەوەی خۆی داوە، لەگەل ئەوە دامن پێم وایەلە وەها کات و ساتێک دا هێچ پێویێست بە وتو وێژێکی لەم چەشنە نەدەکرا و جگە لەمەش هاوکات بوون و نزیک بوونی ئەم وتوویژەو ئەم هەوالەی کە بە ناوی شاراوە لە سایتی کوردستان تی ڤی دا بلاو بۆوە، ئەو پرسیارە لە مێشکی مرۆڤ دا دروست دەکەن کە مەسەلە چیە و چۆنە ئەم دوو گرفتە هاوکات دەست دەدەنە دەستی یەک و دەبنە هۆی ئەوە کە مەکتەبی راگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەو پەری بێ ئینسافی هەل بکوتێتە سەر حیزب و لەحیزبێکی شۆرشگیری هاو خەباتی ئازادیخواز را بیکاتە پەنابەری سیاسی؟

قسەیەک دەگەل هاورییانی یەکیەتی نیشتمانی لە مەکتەبی راگەیەندن: هاورێیانی بەرێز بۆ هەموو کوردێکی دلسۆز و بۆ هەموو حیزبێکی نیشتمانپەروەر باشووری کوردستان لوتکەی هیواو هومێدە، بەلام بۆ ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەم لوتکەی ئومێدە و هەم پەناگەیە، ئەو پەناگەیە بۆ ئەوە نییە کە وەک لە مەکتەبی راگەیەندن دا باسکراوە بەزەییان پێمان دا هاتبێتەوە و هاورێیانی ئێمەیان لە لە بەشیک لە خاکی کوردستان دا پەنا دابێ! ئەو خاکەی ئێوە بە بۆ ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بە پەناگەی بەشەردۆستانە دا دەنێن خاکی کوردستانە و خاکی کوردستانیش نە مۆلکی پارتییەو نە هی یەکیەتی و نە هی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کوردستان مالی کوردە و کەسیش جگە لە رەگەز پەرەستان ئەو مالەیان لە کوردان حەرام نەکردووە! چۆنە هاورییانی یەکیەتی نیشتمانی، رۆلە تێکۆشەرەکانی کورد لە سەر خاکی کوردستان بە پەنابەر دەزانن؟ئەو قسەیە ئەگەر قسەی مەجلیسی بالای شۆرشی ئیسلامی یان بەرێز مالکی بایە من هیچ لە دلم گران نەدەهات، بەلام بەراستی بە دیتنی ئەو رستانە لە ناو روون کردنەوەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکیەتی دا لە ناخەوە هەژام! بەبروای من یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پێویستە روون کردنەوەیەکی دیکە دەر بکات و ئەو بەشە لە راگەیەندراوەکە راست کاتەوە، جگە لەمە ئەوەی بە گشتی لەو پیوەندییە دا بۆ من بۆتە پرسیار ئەوەیە کە زمانی روونکردنەوەکە زمانی دۆستانە نییە و پرە لە تانەو تەشەر و تەنانەت ناراستەو خۆ هەرەشەشی تێدا بەکار هاتووە، ئەم جۆرە ئەدەبیاتە پێش هەموو کەس زەرەر لە

کەسێتی هاورییانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەدات بە تایبەتی کە سەردەمی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە بەخیرایی بەسەر چووە.

وەک دوا وتە: هەموو هاورییانی پارتی و یەکیەتی لەوە دلنیا دەکەمەوە تا ئەو جێگەیەی من وەک دۆستێکی حیزب ئاگاداری هاورێیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بم، بەهەر کەمو کوورییەک کە هەیانبێ بە تایبەتی لە بارەی کێشە ناوخۆییەکانەوە، لانی کەم لەباری هەلوێستی نیشتمانپەروەرانەوە هەردەم پالپشتی بێ ئەملاو ئەولای دەسکەوتی گەلی کورد لە باشوری کوردستانن و هەرگیز کێشەی کورد لە باشووریان لە کێشەی خۆیان بە جۆدا نەزانیوە، دیارە لەم بارەوە هەلوێستی حیزب لە چەند سالی رابردوو دا بەرامبەر بە دەسکەوت و پاراستنی ئەو دەسکەوتە بۆ هەموو لایەک روونەو پێویست بە باسکردنی زیاتر ناکات، ئەوەی حیزبی دێمۆکرات لەم پێوەندییە دا کردویەتی ولەمەو دواش دەی کات شتێک نییە جگە لە بە جێ گەیاندنی ئەرکی نیشتمانی خۆی، خۆزگە هاورییانی یەکیەتی نیشتمانی_ش پەنادانی کۆمەلێ شۆرشگیری پارچەیەکی دیکەی کوردستانیان بە کاری بەشەر دوستانەدانەنابا بەلکوو بە ئەنجام دانی ئەرکێکی نیشتمانییان زانیبا.